# پیرۆزە ئەم سەرکەوتنە،دەبی بەسەرکەوتنی کۆتایی بگات.

**بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە سیاسیەتی دەولەتی سوید، بەرامبەر بە پەنابەران بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ بەرگرتن بەو چارەنوسی تەلخی زیاتر لەدەیان هەزار پەنابەر کە کەیسەکانیان داخرابوو، وە هەرەشەی گەرانەوەیان لیدەکرا، و بیبەش کرابوون لە سەرەتایی ترین پیداویستیەکانی بەریوەچونی ژیان، لە خانوبەرەو خویندنەوە بگرە تا حەقی کارکردن ......تاد، فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەپال دەیان ریکخراو جەماوەری و سنفی و چەندین حزب و لایەنی پیکەوتنخوازو ئینساندۆستدا و لەناو بەرەی Amnesti2005دا، دەورەیکی شایستەی گیرا، لە خۆپیشاندانی 2005/9/10 ی ئەم مانگە کە شەقامی زوربەی شارەکانی سویدی خرۆشاند. فدراسیۆن لەناو ئەو دەریای ئینساندۆستیەدا، ئالای ریکخستن و رابەری کردنی بزوتنەوەی پەنابەرانی لە پیناو خواستە بەرهەقەکانی پەنابەراندا بەرز راگرت. هەول و تیکوشانی فدراسیۆن و باقی ریکخراوە و حزبە پیشکەوتنخوازەکان، خودی پەنابەران، و یەکگرتوی و یەکریزیان بی گویدانە، زمان و رەنگی پیست، بیگویدانە ئینتمای سیاسی و فکری و حزبی، بیگویدانە ناسنامەی میللی ......توانی ئەم خواستە بەرهەقانە، لە هەنگاوی یەکەمدا بەدەست بهینیت:**

**1–هەموو ئەومنالانەی تائیستا بەشیوەی نایاسایی دەژین، حەقی ژیانی ئاسایی و چونە قوتابخانەو بەهرەمەند بوون لە نەخۆشخانەو پیداویستی تریان دەبیت.**

**2- هەموو ئەو خیزانانەی منالی نەخۆشیان هەیە، مافی پەنابەریتیان پیدەدریت.**

**3– ئاسایی بونەوەی ژیانی هەمووئەو پەنابەرانەی تا ئیستا ژیانی رۆتینیان یاساغ کرابوو.**

**4- دەرکردنی بەزۆری پەنابەران راگیرا.**

**5– وەلاْمدانەوە بەو کەیسانەی هەلگری تایبەتمەندی دیاریکراون.**

**بەپی ی هەوالە سەرەتایەکان، بریارە هەموو ئەم مافانە چوارچیوەی یاسایان پیبدریت.**

**ئەم مافە سەرەتاییانەی پەنابەران و هەوالی دابین کردنی ئەم خواستانە، مایەی شادی و خۆشی هەموو پەنابەران و بەرەی پیشکەوتنخواز و ئینساندۆستە، ئیمەش لە فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراق لە سوید، لەکاتیکدا بە بۆنەی دەستەبەر کردنی ئەم خواستانەوە، پر بەدل پیرۆزبایی لە خۆمان و لەهەموو پەنابەران دەکەین،هاوکات ئەوراستیە تەئکید دەکەینەوە کە ئەم سەرکەوتنە سەرەتایی یە بەرهەمی یەکریزی و ریکخرابون و بەدەستەوەگرتنی دروشم و خواستی ئینسانی بوو، دەبی دیسان بە یەکریزی و دریژەدان بە هەولی چرو پر، دیسان بەکۆبونەوە لەدەوری فدراسیۆن و خواستەکانی، کەخواستی ئیوە پەنابەرانە، سەرجەم خواستەکانی تر بە سەر دەولەتی سویدا بسەپینین.**

**فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی، هەموو هەولەکانی خۆی دریژە پیدەدات، تا نەك هەر بەر بگری بەگیرانەوەی پەنابەرانی عیراقی بۆ ناودۆزەخی شەرو داگیرکاری، ناودەریای بیمافی و سەرکوت، بەلکە، بۆ بەدەست هینانی مافی پەنابەریتی بۆ هەموو ئینسانانەی دوای مافی پەنابەریتیان کردووە.**

**پەنابەرانی خۆشەویست و لە چاوەروان راگیراودا!**

لەهەرچی زیاتر لەدەوری فدراسیۆن کۆببنەوەو خۆتان ریکخراوکەن، فدراسیۆن هی ئیوەیە، بەدەستیەوە بگرن، کۆمەکی بکەن، ئەمە زامنی سەرکەوتنی گەورەترە، ئەمە زامنی بەدەستهینانی مافی پەنابەریتی و وەریخستنی ژیانی نۆرمالی ئیوەیە.بۆ سەرکەوتنی گەورەتر، دەبی ئامادەبین.

**فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی**
**2003-9-21**